**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی بڕگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی هەموارکراو و لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عیراق لە دانیشتنی ژمارە (39)ی ڕۆژی (2007/12/31) یدا بڕیاری دەرچواندنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە( 39 )ی ساڵی / 2007
## یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای کۆڕی زانیاریی کوردستان ـ عیراق
## ژمارە (12)ی ساڵی 1997

**ماددەی یەکەم:**

ناوی یاسای ژمارە (12)ی ساڵی 1997 لە یاسای (کۆڕی زانیاریی کوردستانی عیراقەوە) هەمواردەکرێ بۆ (یاسای ئەکادیمیای کوردی).

**ماددەی دووەم:**

ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (12)ی ساڵی 1997 هەمواردەکرێ و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ماددەی یەکەم:

لە هەرێمی کوردستان– عێراقدا کۆڕێك بە ناوی (ئەکادیمیای کوردی) دادەمەزرێ و بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەلکێ.

**ماددەی سێیەم:**

مادده چوارەم لە یاسای ژمارە (12)ی ساڵی 1997 هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

ئامانجی کۆڕ بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوەیە:ـ

1– پاراستنی ڕەسەنایەتی زمانی کوردی و گەشەپێکردن و پەرەپێدانی.

2– کارکردن لە پێناوی گەیشتن بە زمانێکی کوردی فەرمی یەکگرتوو بە سوود وەرگرتن لە وشە و زاراوەی هەموو شێوەکان.

3– گرنگی دان بە لێکۆڵینەوەی زانستی و زمانەوانی.

4– گرنگی دان بە ڕۆشنبیریی نەتەوەیی کوردی.

5– گرنگی دان بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و جوگرافی و شوێنەواریی کورد و کوردستان.

6– هاندان و پشتگیریی کردنی دانان و نووسین بە زمانی کوردی و گرنگی دانیش بە زانستی زمان بە هەموو لقەکانیەوە.

7- گرنگی دان به وەرگێڕان لە زمانی کوردیەوە بۆ زمانانی تر و بە پێچەوانەوە.
8- بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئەکادیمیا زانستیەکان و زانکۆکان و سەنتەرەکانی زانستی لە ناو هەرێم و دەرەوەیدا.

**ماددەی چوارەم:**

ناوی (ئەکادیمیای کوردی) جێی ناوی (کۆڕی زانیاریی کوردستان- عیراق) دەگرێتەوە لە هەر شوێنێکی کە لە یاسای ژمارە (12) ی ساڵی 1997دا هاتبێ.

**ماددەی پێنجەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بڵاو دەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عیراق**

---

**تێبینی: ئەم یاسەیە بەبڕیاری ژمارە (5)ی ساڵی 2008 لەلایەن بەڕیز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.**